**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمــارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردسـتان کە لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (١٢)ی رۆژی ٢٠٢١/١٢/٢١ کردوویەتـی، بڕیارمانـدا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢١**
**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠**

**ماددەی (١):**

دەقی ماددەی (پازدەیەم)ی یاساکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

**ماددەی (پازدەیەم): بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی (تأمین):**

**یەکەم**: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبات کە لانیکەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بێت لە یاسا یان کارگێڕیی یان ئابووری، و ئەزموون و پسپۆڕی هەبێت، و چاودێری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و چالاکیەکانیان و بەدواداچوونیان دەکات.

**دووەم**: بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی شوێنی لقەکانی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەگرێتەوە و دەخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری دڵنیایی.

**ماددەی (٢):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لەڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

لە پێناو دووبارە پەیکەربەندی و ڕێکخستنەوەی چاودێریکردن و بەدواداچوونی کاروباری کۆمپانیاکانی دڵنیایی و گۆڕینی کۆمپانیای گشتی دڵنیایی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە هەرێم، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
٢٠٢٢/ ١ /٢٥